زنجیرە بابەتی شکۆمەندیی بانگەواز

بەشی دووەم

# ئاسوودەیی خێزان هەوێنی ئاوەدانی ماڵە

چاپی یەکەم

نووسینی

حەمەڕەشید پێنجوێنی

ساڵی 2014

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

❊ ناوی نامیلکە : ئاسوودیی خێزان هەوێنی ئاوەدانی ماڵە

❊ ناوی نووسەر : حەمەڕەشید پێنجوێنی

❊ ناوی چاپخانە : Cre8ivepress

❊ نۆبەی چاپ : یەکەم

❊ ساڵی چاپ : ٢٠١٤

تیراژ : ٢٠٠٠

**********************************

بسم الله الرحمن الرحيم

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ برای بەڕێز کاک ئیسماعیل کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم نامیلکەیەی گرتە ئەستۆ ...

هەروەها سوپاس بۆ برای بەڕێز کاک دکتۆر هونەر کە دیزاینی بەرگی نامیلکەکەی کێشا....

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

# پێشکەش

**پێشکەشە بە سەرجەم خانەوادە بەڕێزەکانی گەلەکەم ، بەهیوای پەخش بوونی تەبایی و خۆشەویستی وکامەرانیی بەسەریاندا .**

***********************************

## بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

## پێشەکی

**خوای گەورە دەفەرموێت:** (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (21) سورة الروم

**ئەگەر چاوێک بخشێنین بەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرترین کارێک کەنەتوانراوە مرۆڤەکان دەست بەرداری ببن هاوسەرگیریە ! ئەوەیش بۆی نەگونجابێت هەر بەئاواتی ئەوەوە ژیاوە! هەر بەهۆی ئەویشەوەیە کەژیان بەردەوامە !**

**کوڕو کچێک کەساڵەهایەک دایک و باوکەکانیان ئەوپەڕی توانای خۆیان خستۆتە کار پۆ پێ گەیاندن و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان ، کەچی کاتێک پێ دەگەن و لەسەر پێی خۆیان دەوەستن خۆشیی و دڵ ئارامی خۆیان تەنها لەژیان بردنەسەر لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەبیننەوەو ، زۆرترین کاتیان لەماڵی هاوسەرگیریدا بەسەر دەبەن بەپێچەوانەشەوە کەمترین کاتیان لەگەڵ دایک و باوک و ماڵەباوان دەبەنەسەر ! ئەمە جگە لەگرنگی و پیرۆزی ئەم هاوسەرگیریە**

*****************************

**مانایەکی تر هەڵناگرێت ، هاوسەرێک لەسەر یەک جێ ! لەیەک ژوور! لەیەک ماڵ دەیان ساڵ بتەوێت بژیت لەگەڵی !ئایا بەڵگە نیە لەسەر بەهاو پڕمانایەتی و ئەویندراری هاوسەرگیری ؟!**

**ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری کردبێت و یەکێکیش تائێستا بۆی نەگونجابێت ! بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت هاوسەردارەکە ئارامی و دڵشادی زیاتری پێوە دەبینرێت !**

**تەنانەت دەتوانین بڵێین پیاو بەبێ ژن و ژنیش بەبێ پیاو هەرگیز ناتوانن کامەران و گوشاد ببن بەبێ یەکتر !**

**دەی کەواتە جێی خۆی نیە ئەم پرۆسەیە بنرخێنین و بەگەورەی بگرین و مافەکانی بەئەوپەڕی ڕێزەوە بدەین ؟! ئەوەتا خوای گەورەش منەتبارمان دەکاو پێمان دەفەرموێت لەگیانی خۆتان هاوسەرم بۆ درووست کردوون بۆئەوەی جێگیرو دڵ ئارام و پڕ لە سوزۆ خۆشەویستی و لێبووردەیی بن !**

**ئایا هاوسەرێک کە بەشێک بن لەگیانی ئێمە ، ئەبێت چۆن ڕەفتاری لەگەڵ بکەین ؟! دەستێک ، چاوێک یان هەرپارچەیەک لە گیانی ئێمە ئەگەر وەکو پێویست کاری خۆی نەکردو ئیفلیج بوو ئایا دەبێت بیبڕین ؟! یان دەبێت بەردەوام هەر خزمەتی بکەین وڕازیش بین پێی ! هاوسەرەکانیش کەلە گیانی ئێمە دروست بوون دەبێت بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت !! ئەگەر**

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

**کەم وکوڕیەکیشیان لێ بینرا نابێت بیر لەبڕینی ئەو پارچەیە بکەیتەوە! بەڵکو دەبێت وەک پارچەیەکی لاشەی خۆت بگونجێنی لەگەڵی و کارێک نەکەی لەگەڵی کە سەرەنجامەکەی زەرەری زیاتری هەبێت بۆت!**

**بۆیە هاوسەرێک ئەوەندە گرنگ بێت بۆ ژیانی ئێمە چۆن دەبێت جێگەی ئەوە نەبێت کە چاوپۆشی بکرێت لە هەڵەکانی ؟! یان چۆن دەبێت بەچاوی سووک و بێ ڕێز تێی بڕوانرێت ؟! لەکاتێکدا باشترین کەسێکمان باشترین کەسمانە بۆ هاوسەرەکەی ! هەروەکو لە عائیشە دایکی باوەرداران** (خوای لێ ڕازی بێت) **دەگێڕنەوە کە : پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم) **فەرمویەتی باشترین کەسێکتان باشترین کەستانە بۆ هاوسەرەکەی و منیش باشترین کەستانم بۆ هاوسەرەکانم لەکاتێکدا بوونی ئێمە بەرهەمی هاوسەرگیری باوک و دایکمانە !بێڕێزی کردن بەرامبەر هاوسەروو هاوسەرگیری ! بێڕێزی کردنە بەرامبەری خودی خۆمان ! جگە لەوەی مرۆڤایەتی قەرزداری پرۆسەی هاوسەرگیریە کە خوای گەورە بۆی بڕیارداوین ! چونکە گەر هاوسەر گیری نەبوایەت دونیاش لەگەڕ دەکەوت و ژینیش نەدەما لەسەر زەوی و نەوەکانیش کۆتاییان پێدەهات !!**

**بۆیە هاوسەر گیری و پێکهێنانی خانەوادەیەکی ئارام ئەرکێکی پیرۆزەو پێداویستیەکی گرنگی بەردەوام بوونی ژیانە لەسەر ئەم زەویە . پاراستنی**

**********************************

ئەوئارامیەو وبەڕێز ڕاگرتنی ئەرکی سەرشانی هەموانە بۆ بەرقەرار بوونی ئەو هاوسەر گیریە .

سنور دانانێک بۆ ئەوڕێژە لێک ترازانەی بەشێکی زۆر لەخانەوادەکانی گرتۆتەوە، کە زەنگێکی بڤەیە بۆ سەقام گیر نەبوونی کۆمەڵگا بەسەرجەم چین و توێژو نەتەوەکانەوە دەبێت لەپێشەنگی چاکسازیەکانمان بێت .

من لەگەڕەکێکدا دەژیم لەهەر پێنج ماڵێک ماڵێکیان بێوەژنە !! ئاخۆ دەبێت ڕێژەی ئەو خانەوادانە چەند زۆربن کە بناڵێنێت بەدەست ئەم حاڵەتەوە؟!! بۆیە ئەرکی سەرشانی دڵسۆزانی گەلەکانە بەگشتی کە خەڵکانی خۆیان بە ئاگا بهێنن لەم کارە ناهەموارەو ، بەرچاو ڕوونیان بکەن لە سەرەنجامەکەی و ، ڕۆشنبیریان بکەن بە شێوازی هاوسەر گیری ڕاست و پێکراو .

تێبینی : مەبەستم لە هاوسەر لەناملیکەکەدا ژن و پیاوە نەک تەنها یەکێکیان و پێشنیارەکانم بەتێکەڵی باسکردووە چونکە زۆربەی خاڵەکان تایبەتە بەهەردووکیان.

دووشەممە٢٠١٣/١٢/٩

بریتانیا .. بڕادفۆرد

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

# خاڵەگرنگەکان

بۆ بەدەست هێنانی خێزانێکی ئارام و پڕ خۆشەویستی پێویستە زۆر بەوردی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١- خێزانت بەدڵی خۆت هەڵ ببژێرە و لەبەر خاتری هیچ کەسێک بڕیار مەدە لە هاوسەرگیریەکەتدا ! چونکە بەشیکی زۆر لەکێشەکان لێرەوە دەست پێدەکات کە بەدڵ و بەویستی خۆت ژنت نەهێناوە !! بەڵکو لەبەر ئەوەی لەڕوی کەسێک داماویت یان لەبەر هەرناچاریەک بێت بڕیارت داوە کچ بیت یان کوڕ!!کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و دواتر وورده وورده ژیانت لێ تاڵ دەکات ، بەوەی ماوەیەک پێکەوە دەبن و زیاتر لەسەر پێی خۆت دەوەستیت و ئەوکەسەی کەببوەتە هاوسەری تۆو لەسەر بنەمایەکی تەندرووست هەڵت نەبژاردووە !! ئەمجا سەرەتای ناکۆکی دەست پێدەکات!! بۆیە ئەو کەسانە نابنە کەسێکی خۆشەویست بۆ یەکتر !! کەخۆشیشت نەویست ئیتر هەوڵ نادەیت دڵسۆزی زیاتری بۆ بەخەرج بدەیت و ماڵەکەی بۆ پڕلە خۆشی و کامەرانی بکەیت !! چونکە پێشینان ووتویانە بەزۆر بتنێرن بۆ مازوو کردن بەدارەکەشدا ناڕوانیت!! لەیادم دێت برایەک لەبەر ئەوەی لەڕوو دامابوو کە هاوسەرەکەی مارەبڕی بوو ، دوای مانگێک دەیویست خێزانەکەی تەڵاق بدات ! ووتمان بۆ ؟! ووتی چونکەڕوخساریم بەدڵ نیە !!

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

یەکێکی ترم بیر دێت ئەی گوت هەموورۆژێک دەڕۆمەوە بۆماڵەوە لەخێزانم دەدەم !! دایکی پێنج منداڵیش بوو !! ئەی گوت هاوسەرێکی زۆر باشیشەو هیچ گوناهیشی نیە !! تەنها شکڵی جوان نیە لەلام !! دواتر بویە هۆی ژیان لەدەست دانی هاوسەرە بەستەزمانەکەی ، کە دەوترا خۆی سوتاندووە!! هەندێکیش دەیگوت مێردەکەی خنکاندوویەتی!!بۆیە لەئیمامی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەفەرموویەتی سەرم سووڕدەمێنێ لەپیاوێک کەلە هاوسەرەکەی خۆی دەدات لەکاتێکدا خۆی شیاوترە بۆلێدان!!

بۆیە زۆر پێویستە هاوسەر گیری پەلەی تیا نەکرێت و بەدڵی خۆی هاوسەر بۆ خۆی دیاری بکات ، بۆئەوەی ژیان لەخۆیشی و لەهاوسەرەکەیشی تێک نەدات!!

٢- بەپێی توانای دارایی خۆت ماڵەکەت بەدڵی خێزانت بڕازێنەرەوە و هاوسەرەکەت چۆنی پێ خۆشە وای بۆبکە ، چونکە ڕازاندنەوەی ماڵ بەدڵی هاوسەرەکەت ، وادەکات قسەرەواو خۆشەویست تر بیت لای ، بەتایبەتی ئەوانەی کەخێزانەکانیان کار ناکەن و زۆرترین کاتیان لەماڵەوە بەسەر دەبەن ، یان ئەو هاوسەرانەی لەهەندەران دەژین دوور لە کەس و کارو ، زۆرترین کاتیان لەچوارچێوەی خانوویەکدا بەسەر دەبەن! چونکە پیاوەکەی دەتوانێت بڕوات بۆ هەموو شوێنێک و هاوسەرەکەشی زۆربەی کاتەکانی خەریکی کاری مناڵ بەخێوکردن و خزمەت کردنی ماڵ بێت ، ستەمێکی گەورەیە ئەگەر ماڵەکەی بۆ جوان و ڕازاوە نەکەیت وەکو ئەو دەیەوێت و ئەگەر وانەکەیت توانای مرۆڤ دیاری کراوەو ئەویش دڵخۆش نابێت پێت و کێشە ووردە ووردە سەر هەڵدەدات

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

و سەرەتای کێشەش بەبچوکی دەست پێدەکات و دواتر هێندە گەورە دەبێت کەئاسان نیە چارەسەرکردنی!!

لەیادم دێت هاوسەرێک داوای دەکرد مێردەکەی کە دەرامەتێکی زۆر باشی هەبوو ژوری میوانەکەی بۆ جوان بکات کە تەباخێکی ڕزیوو ! ڕاخەرێکی زۆر پیس و پۆخڵی تیابوو کەنەک تەنها ژووری میوان ! بەڵکو چێشتخانەی ماڵەکەشیان بوو کە بە پارەیەکی کەم دەیتوانی ئەوگۆڕانکاریەی بۆ ئەنجام بدا بەڵام بۆی نەدەکرد و لەسەر ئەوە کێشەی گەورەیان بۆ دروست بوو بوو کەنزیک بوو جیاببنەوە لەیەکتری !!

هەروەها هەرگۆڕانکاریەک خێزانت دەیکات لەسنوری ماڵەوەدا ، بەئاسایی وەری بگرەو دەست خۆشی لێ بکە، ئەگەر بەدڵی تۆش نەبێت !، چونکە ئافرەتان ئارەزومەندی ئەوەن کە ناوبەناوێک جێ گۆڕکێ بکەن بەشوێنی شتەکانیان لەماڵەوە ! من جاری وابووە ڕۆشتوومەتەوە بۆماڵەوە ژوری نوستن یان ژوری میوان شتەکان گوازراونەتەوە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر لەوانەیە بەدڵی منیش نەبوبێت ! بەڵام من سوپاسم کردووەو دەستخۆشیم لێکردووە ، بۆئەوەی ئەوماندووبوونەی ئەو بەکەم نەزانم و زۆرجاریش هاوکاری زۆرم کردووە بۆ ڕێکخستنی ماڵ بەدڵی ئەوان ، بەوهۆیەشەوە ئارامیەکی زیاتر بەدی دەکرێت لەماڵەکەدا .

٣- ئەگەر هاوسەرەکەت شتێکی شکاند یان خەسارێکی دا ، بەئارام بە لەگەڵی و تووڕە مەبە و بەئاسایی وەری بگرە ، چونکە تۆیش پێشتر خەسارت

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

خستووەو حەزت نەکردووە کەس سەرزەنشتت بکات !! چونکە هیچ کەس حەزناکات هیچ زەرەرێکی لێبکەوێت !! ئەوەی کەڕووی داوە بەویستی خۆی نەبووە تا سەرزەنشتی بکەیت لەسەری.

٤- دەست قونجاو مەبە بەرامبەر ماڵ و منداڵەکانت ئەگەر دەرامەتت هەبوو !! گونکە بژێر مەبە و مەپرسەرەوە لەوشتانەی پێشتر کڕیوتەو خوراوەو نەماوە !! ئەگەر داوای شتێکت لێکرا بیکڕیت بۆ بژێوی ڕۆژانەتان ، مەڵێ خۆمن چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کڕیم چی لێهات !! بۆچی زوو خواردتان !! برایەک بۆی گێڕامەوە کە هاوڕێیەکی ئەونانەی کەدەیدا بەدروست کردن لەناو سندوقێک قفڵی دەداو ڕۆژانە تەنها چوار نانی دەردەهێنا بۆ خێزانی !!یان کەسێکی تر ناوبەناوێک لەناکاو دەگەڕایەوە ماڵەوە تا بزانێک کێ هاتووە بەمیوانی هاوسەرەکەیی و چی بۆ لێناون و چیان دەداتێ !!ئاخۆ ئەم جۆرە کەسانە بۆ تەنها ساتێکیش دەتوان خێزانێکی کامەران بەدەست بهێنن؟!!

٥- توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەس و کاری هاوسەرەکەت لەڕێگەی هەواڵپرسینی تەلەفۆنی یان سەردانی کردنیان ، بەتایبەت زوو پەیوەندیکردن بە پیرۆزبایی کردن ، یان ناردنی خەڵات لەکاتی شادیەکاندا وەک پێکهێنانی هاوسەر گیری و دەرچوون لەقوتابخانەو، منداڵبوون و هتد...

هەروەها بە دڵدانەوەو سەرەخۆشی لەکاتی کاتە ناخۆشەکاندا وەک مردنی کەسێکیان ،یان کردنی زەرەرێک هتد ... !! بەتایبەت لەگەڵ دایک و باوک و

**********************************

خوشک و برای هاوسەردا. هەروەها بەپێی توانا یارمەتیدانیان بەدارایی ئەگەر پێویستیان پێی بوو

٦- سوپاس کردن لەسەر کارە باشەکان یان بەکارهێنانی ووشەی هاوسەرە خۆشەویستەکەم ، ژنە باشەکەم یان هەر ووشەیەکی شیرینی تر ، هتد... هەموو ئەوانە پەیوەندی نێوانتان بەهێزتر دەکات.

٧- هەرگیز لەپێش چاوی هیچ کەسێک گلەیی لەیەکتر نەکەن تەنانەت لەپێش چاوی دایک و باوک و خوشک و براو کوڕو کچەکانیشتاندا !!

٨- لەبەرچاو خێزانەکەتدا باسی جوانی هیچ کەسێکی تر مەکە ! چونکە بێ متمانە دەبیت لای هاوسەرەکەت ئەگەر بە گاڵتەو سۆعبەتیشت بێت لای بەرامبەرەکەت حسابی ڕاستی بۆ دەکرێت و دوور بێت یان نزیک کێشەت بۆ درووست دەبێت لەسەر ئەو قسەیە !! ڕۆژێکیان کەسێک لەگەڵ خێزانیدا دەچێت بۆ بازاڕ بۆکڕینی پێداویستیەکانیان بەهاوسەرەکەی دەڵێت ئەوکچەی کە لەسەر سندوقی پارەکەیە شکڵی جوانە !! تەنها ئەو ووشەیە پاش چەند ڕۆژێک کێشەیەکی گەورەی لەسەر کەوتەوە کەبۆماوەیەک ژن و مێردەکە بۆ چەند هەفتەیەک لەدوومالّی جیا دەخەوتن و زۆر نزیک بوو لێک جیا ببنەوە !!

٩- هەرگیز بەسووکی باسی دایک و باوک و کەس و کاری هاوسەرەکەت مەکە و خۆدوور بگرە لەگلەیی لێکردنیان ئەگەرچی هاوسەرەکەت زیاتریش لەتۆ گلەیی هەبێت لێیان !! چونکە هەرچۆنێک بێت ئەوان کەسی یەکترن و دەکرێت بەینیان باشتر ببێت و شتی کۆن لەبیر بکەن ! بەڵام تۆ کەهاوسەری ئەویت کاتێکی

***********************************

**زیاتری دەوێت بۆ چاوپۆشی لێ کردنت و هاوسەرەکەشت کاتێک زانی کەئە گەرچی ئەم گلەییان لێدەکات و زویرە لەگەڵ ماڵی باوکی یان لەگەڵ براوخوشکەکانی بەڵام هاوسەرەکەی جگە لە قسەی خێروو باشە ، خۆی بەشدار پێنەکردووە لەو نێوەندەدا ،ئەوە وا دەکات کە زیاتر جێگەی متمانەی بێت و خۆشەویستی زیاتر جێگیر دەکات لەدڵیدا!!**

**١٠- هەوڵ بدە هەتا بتوانیت کاری کەسابەت و شەراکەت مەکە لەگەڵ ماڵی خەزورانت !! چونکە زۆرجار مرۆڤەکان گلەییان بۆ درووست دەبێت لەسەر یەکتری بەهۆی ماڵی دونیاوە و ، ئەوەیش دەبێتە هۆی دروست بوونی ساردی وکەم بوونەوەی خۆشەویستی لەبەینی تۆو ئەواندا و خێزانیشت ئەگەر چی ئێستا بووەتە بەشێک لەتۆ بەڵام بەشێکی سەرەکیشە لە ماڵە باوانی و بەو پێیە کێشەکە ناوماڵەکەی خۆیشت دەگرێتەوە !!**

**١١- پاراستنی ماف و ویستی هاوسەرەکەت لەڕووی سەرجێی کردن !! چونکە بەردەوام کاری زۆرکردن وپارەپەیداکردن هەموو شتێک نیە بۆ هاوسەرەکەت ! چونکە ئەوە تەنها لایەک ئاوەدان دەکات !! بەڵام لایەکی تر فەرامۆش دەکات!! زۆر جار مێردەکان لەوەڵامی گلەیی خێزانەکانیاندا کەداوادەکەن زیاتر بکەونەماڵەوەو فەرامۆشی لایەنی سۆز نەکەن ! دەڵێن ئێمە بۆ ئێوە هەوڵ دەدەین و دەمانەوێت ژیانێکی خۆشتان بۆ دابین بکەین !! بەڵام ئەو وەڵامە ئاوی دڵەکان نادات .!!هاوسەرەکان ئەوەیان ناوێت بەتەنها لایەک ئاوەدان بکەیت ولایەکی تر فەرامۆش بکەیت !!هەروەها هێندە کار مەکە کە ڕۆژانە**

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

زۆرترین کات لەهاوسەرەکەت دووربیت و کەگەڕایشیتەوە ماڵەوە هیلاک و ماندوو یەکسەر بۆ ناو جێ و بۆخەوتن!! ئیتر مافی خێزانەکەت چۆن دەدەیت !!

بەهەمان شێوەش نابێت ئافرەتەکان بەزۆری خەریکی ئیش و کاری ماڵ و پەروەردەی منداڵ بن و مێردەکانیان فەرامۆش بکەن چونکە نابێت مافێک بدەیت و مافێکی تریش پشت گوێ بخەیت !!

١٢- هاوسەرەکان پێیان خۆشە مێردەکانیان ناوبەناوێک پێکەوە بازاڕبکەن نەک بەتەنها بچن!! کەئەوە حەزێکی گرنگی ئافرەتانەو نابێت فەرامۆش بکرێت ! هاوسەری واهەیە خێزانی دەبات بۆبازاڕوو خۆی لەشوێنێکدا لەناو ئۆتۆمبیلەکەیدا چاوەڕوانی دەکات ! لەبەر ئەوەی تاقەتی نیە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بازاڕ بکات !!چەندجار کێشەی کۆمەڵایەتی درووست بووە لەسەر فەرامۆشکردنی ئەم بوارە !!

١٣- ئەگەرپلەی خوێندەواریت زیاتر بوو هەرگیز مەیدە بەڕووی هاوسەرەکەتدا کەئەو خوێندەوار نیە یان خوێندەواری کەمە !! یان تۆ ڕۆڵەی دەولەمەندی و ئەو هەژاروو نەدار !! یان تۆ دانیشتووی شاروو ئەو لادێ ...هتد !! چونکە پێش هاوسەرگیریتان هەردوولاتان قایل بوون بەوئاستەی یەکتری و باسکردنی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ڕازیبوونتان وئەنجام دانی ستەمە بەرامبەربە یەکتری و خۆشەویستی زۆر کەم دەکاتەوە لەنێوانتاندا .

١٤-ئەگەر هەڵەیەکت بینی لەهاوسەرەکەت زۆر بەگەورە مەیگرە لەسەری و بەچاوی سوزو لێبووردنەوە تێی بڕوانە ! بزانە ئەو هەڵەیە لەدوژمنەکەتەوە

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

نیە !! بەڵکوو لە دۆستەکەتەوەیە !بەڵام کام دۆست ؟! باوکی یان دایکی منداڵەکانتە !! هاوڕێی تەمەنتە ! ساڵانێکە لەماڵێکدا پێکەوە دەژین ، لەژوورێکداو لەسەر جێیەک پێکەوە دەخەون !!هەردوولاتان ماڵی پڕسۆزی دایک و باوکی خۆتان بەجێ هێشتوەو کامەرانیتان لەماڵە خنجیلانەکەی خۆتاندا بەدی کردووە ! دەی ئیتر چۆن دەبێت هەموو ئەوانە شەفاعەتی تەنها هەڵەیەکی ئەو هاوەڵە خۆشەویستەی تۆی پێ نەکرێت !!

١٥ منداڵەکانتان بەرێکەوتنی هەردوولا ناوبنێن ، چونکە هەردوولا شەریکن لەخاوەندارێتی ئەو منداڵەدا و ناکرێت یەکلایەنە بڕیاری لەسەر بدرێت و بۆچونی بەرامبەرەکەت بەهەند وەرنەگریت ! چونکە زۆر جار ئەمەش کێشەی گەورەی لەسەر درووست بووە .

١٦- ئەگەر کێشەیەکتان هەبوو بەخۆتان چارەسەر نەدەکرا دوای مەخەن و بەزووترین کات لای کەسێکی دڵسۆز بەهەردوکتان بیدرکێنن ، بۆئەوەی بەزووترین کات چارەسەر بکرێت ! چونکە زۆربەی کێشەکان سەرەتا بچوک بوون و چارەسەر نەکراوە هەتا گەورە بووەو ئیتر چارەسەرەکەشی قورستر دەبێت .

١٧ هەوڵ بدە بەتەنها بەشداری کارە چاکەکان مەکەو هاوسەرەکەشت بەشدار پێبکە ، وەک بەجێ هێنانی فەرزی حەج و عەمرەکردن ولەگەشتەکانیشدا بەهەمان شێوە کاتێک بۆ حەوانەوەی خۆت سەردانی شارێک یان وڵاتێک یان هەرشوێنێکی ترت کرد ماڵ و منداڵەکانیشت بێبەش مەکە لێی ، چونکە

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە ، ئەوەی بۆخۆی پێی خۆش بێت بۆ باوەڕدارانی تریش پێ خۆش بێت و نزیکترین کەسیش بەتۆ هاوسەروو منداڵەکانتە .

١٨- خۆ دوور بگرە لە و ووشانەی دڵەکان دەڕەنجێنن وەک پێی بڵێی تۆ جوان نیت!! یان جنێودان بەخۆی یان بەکەس وکاری !! کەئەمانە لەگەڵ ئەوەی حەرامن و شیاوی مرۆڤی ڕۆشنبیر نین ! بۆشایی نێوانتان زیاتر دەکات و بەرەو قەیرانت دەبات!! .

١٩- گوناه و تاوانی هیچ یەکێک لەکەس و کاری هاوسەرەکەت مەلکێنە بەهاوسەرەکەتەوەو کاتێک ساردیەک کەوتە بەینتانەوە پێی مەڵێ تۆش هەر وەکو فلان کەسی خزمتان یان وەک ئەوانت لێدەردەچێت ..هتد!!

٢٠- ئەگەر ویستت شتێک بەخێزانت بڵێی کە بیکات ، وەک خاوێن ڕاگرتنی ماڵ یان ئەنجامدانی کارێک ، ئیتر ڕۆژانە مەیلێرەوە پێی ! چونکە لەبەرچاوی سووک دەبیت و داواکەشت ئاسایی دەبێت لەلای و دواتریش وەکو پێویست بۆت ئەنجام نادات !! چونکە هەرشتێک بەزۆر بەکەسێکی بکەیت بەجوانی بۆت جێ بەجێ ناکات!!

٢١- هەموو کارەکانی ماڵ بەتەنها بەئەرکی سەرشانی هاوسەرەکەتی مەزانە! بەڵکو خۆیشت هاوکاری بکە! چونکە بەهاوکاری کردنت کارەکان باشتروو زووتر ئەنجام دەدرێت و خۆشەویستریش دەبیت لەلای ! گوێ بەعەیبەی خەڵکیش مەدە ! عەیبە ئەوەیە کەهاوکاری خێزانەکەت نەکەیت و هەموو

✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽✽

**کارەکان بەئەرکی ئەوی بزانیت و خۆیشت پاڵبدەیتەوەو دەست لەهیچ کارێک نەدەیت !! چونکە پێغەمبەر** (صلی الله علیه وسلم) **زۆرجار یارمەتی هاوسەرەکەی دەداو بەڵکو پۆشاکەکانی خۆشی بەدەستی خۆی دەشت!!.**

**بەداخەوە هەندێک هاوسەر پێی شورەییە ئەگەر بتڵێک شیر بگرێتەوە بۆ منداڵەکەی ! لەکاتێکدا کەخێزانی سەرقاڵە بە کاروباری ماڵەکەیەوە !! تەنانەت کەسی وام دیوە خێزانی لەبەرئەوەی خەریکی ئامادەکردنی منداڵەکانی بووە بۆ قوتابخانەو سەرقاڵ بووە پێیانەوە ، سەماوەرەکەی گەرم کردووەو قۆریەکیش چای لەسەر داناوەوەو شەکریشی لەناو پیاڵەکە کردووە بۆهاوسەرەکەی و ماستیشی لەسەر سفرە بۆداناوە ، مێردەکەی ئامادەنەبووە بەدەستی خۆی چایەک تێ بکات بۆخۆی و داوای لەخێزانی کردووە کە هەرچەندە سەرقاڵی منداڵ ئامادەکردنە بۆ قوتابخانە هەردەبێت ئەوبێت چاکەی بۆ تێبکات و !! هاوسەرەکەیشی دەرفەتی ئەوەی نەبووە ! بۆیە مێردەکەی سفرەکە جێ دێڵێت و دەچێت لەبازاڕ گۆشتی برژاودەخوات!!**

**٢٢- ئەگەر هەڵەیەکت بینی لەهاوسەرەکەت یان هەر کارێکی کرد کە بەدڵی تۆ نەبوو خێرا بڕیار مەدە لەسەری و بزانە بۆچی وای کردووە ! لەوانەیە دوای ڕوون کردنەوە تۆش ڕازی ببیت و کێشەش نەکەوێتەوە لەنێوانتاندا.**

**٢٣- هەوڵ بدە بەووشەی شیرین کەم وکورتیەکان چارەسەر بکەو هەرگیز پەنا مەبە بۆ لێدان و توندوو تیژی چونکە هەرگیز بەتوندوو تیژی کارەکان باشتر ناکرێن و سەقامگیری لێ ناکەوێتەوە .**

***********************************

٢٤- بەهیچ شێوەیەک باسی هاوسەرەکەت مەکە لای کەسانی تر! چونکە بەردێک بۆ ئاسمانی هەڵبدەیت هەر بۆ سەری خۆت دەگەڕێتەوەو کێشەکەیشت بەوە چارەسەر ناکرێت و شکۆیشت لەبەرچاوی خەڵکی کەمتر دەبێتەوە .

٢٥- ناوبەناوێک خەڵاتێک بکڕە بۆ هاوسەرەکەت چونکە خەڵات خۆشەویستی لێ دەکەوێتەوە .

٢٦- هاوسەری باش ئەوەیە بە بوون و نەبوون ڕازی بێت و پەستان درووست نەکات لەسەر هاوسەرەکەی بەهۆی کەم دەرامەتیەوە ، چونکە کامەرانی و ئارامی ماڵ لەهەموو سامانی دونیا باشترەو مەرجیش نیە بوونی سامانی زۆر دڵخۆشی پێوەبێت!!

٢٧- هەمیشە لایەنەگەشەکانی هاوسەرەکەت لەپێش چاو بگرەو وەک تێڕوانینی گەشبینانەت بۆ پەرداخێک ئاو کە تەنها نیوەی تیایە ، تۆ دڵخۆشبە بەوەی نیوەی پڕە نەک بەوەی نیوەی خاڵیە !!

٢٨ بزانە هاوسەرەکەت ساڵانێکی زۆرە دایک و باوکی پەروەردەی دەکەن و ئەرکێکی زۆریان لەگەڵ کێشاوە تا کراوە بەو کەسەی ئێستا هاوسەری تۆیە، بۆیە وەک ئەمانەتێک داویانە بەتۆ ، چونکە بە ئەمین و سەرڕاستیان زانیویت ، بۆیە هەرستەمێک لێی بکرێت ، خیانەت کردنە لەو ئەمانەتەی پێیان داویت ! بۆیە هەمیشە ئەبێت بەوچاوەوە تێی بڕوانیت!!

٢٩- ئەگەر هاوسەرەکەت منداڵی نەدەبوو بەهەڵەی ئەوی مەزانە !! ئەو زیاتر لەتۆ ئارەزوومەندی منداڵە !!یان ئەگەر کچی بوو ئاسوودەبەو گلەیی و ناڕەزایی

*****************************

دەرمەبڕە بەرامبەری ! چونکە هەموو ئەوانە تەنها ویستی خوایەو بەویستی مرۆڤ نابێت.

٣٠- بەراورد مەکە لەنێوان هاوسەرەکەت و کەسێکی تر چونکە ئەمە بەشی تۆیەو هەوڵ بدە ڕازی بە بەم بەشەت ! بەوە ماڵەکەت بەئاوەدانی دەمێنێتەوە ! چونکە ئەوباشیانەی کەلە هاوسەرێکی تردا دەیبینیتەوە تەنها لەدوورەوەیە و لەوانەیە هەندێک هەڵس وکەوتی تری وای هەبێت کەتۆ نایبینیت !! بۆ تەنها یەک ڕۆژیش نەتوانیت ژیانی لەگەڵ ببەیتە سەر ! پێشینانیش گوتویانە دەنگی دەهۆڵ لەدوورخۆشە.

٣١ هەوڵ مەدە زۆربەی کات درەنگتر لە هاوسەرەکەت بخەویت ، چونکە ئەوە پێچەوانەی حەزی هاوسەرەکانە و سەرەتایەکی ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە ! ئەگەر چی گەر کاری پێویستت هەبێت عوزرداری ، بەڵام بەردەوام بوونت لەسەر ئەوکارە سەرەنجامەکەی هەر باش نابێت !! .

٣٢- هەوڵ مەدە بەتەنها شەوانە بچیتە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانت ، بۆ ئەوەی بەدەمە تەقێ شەو ببەیتە سەرو خێزان و منداڵەکانت بەتەنها بەجێ بهێڵیت!! چونکە تۆ خێزانداریت و سەردەمی زوگوردیت وەلاناوەو بەتەنها نیت و ئەرک و واجباتێک لەئەستۆتدایە نابێت فەرامۆشی بکەیت.

٣٣- هەتا بۆت دەکرێت کاتێک هاوسەرگیریت ئەنجام دا بەتەنها بژی لەگەڵ خێزانت و لەسەر ماڵی باوکت مەبە !! چونکە کەمجار هەبووە کێشە درووست نەبوبێت لەسەر ماڵە باوک ! بۆیە باوک و دایکی دڵسۆزو دووربین ئەوانەن کە

*******************************

کوڕەکانیان لەسەر ماڵ دانانێن و ماڵی تایبەتیان بۆ دەگرن ! چونکە ئەوە پارێزەری ڕێزو شکۆی ماڵە باوانەو بۆ کوڕو بوکیش ئاسوودەیی و لەسەر پێ وەستانی خۆیانە .

٣٤- دڵت پیس نەبێت بەرامبەر بە هاوسەرەکەت ! چونکە دڵپیسی هەورێکی ڕەشەو هەرگیز بارانی ڕەحمەتی پێ نیە ! جگە لەتێکدان و لەبن هێنانی ماڵ!! چونکە دڵپیسی سەردەکێشێت بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیانت و گشت دەروازەکانت لێ دادەخات و هەمیشە بۆهەر قسەیەک و بۆ هەر تێڕوانینێک ڕەشبینی خۆی پێیە! ئەوکەسانەی تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن تەنها بەکاری دڵەوە ناوەستن بەڵکو چاودێری تەلەفۆنی هاوسەرەکانیشیان دەکەن !! تەنانەت لەکاتی پێکەوە چونەدەرەوەشیان یان تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەکانیشیان بەردەوام چاویان لەسەریان دەبێت و چاودێریان دەکەن تا بزانن چاویان بۆ ئافرەت دەڕوانێت یان نا!! کەئەمەش دەردێکی کوشندەیەو ژیان تاڵدەکات .

یاخود پیاوانیش کەسی وایان تێدایە کە دڵپیسن بەرامبەر خێزانەکانیان ! بەڕادەیەک کەسی وا هەبووە تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەی کردووە کە ئێستا لەکوێی ؟!! دەڵێ لەماڵەوەم !دەڵێ باشە تەلەفزیۆنەکە هەڵبکە و بیخەرە سەر فلانە کەناڵ !! بۆئەوەی گوێی لەتەلەفزیۆنەکە بێت و دڵی ئاو بخواتەوە کەخێزانی لەماڵ نەچووەتەدەر !! ئایا دڵپیسیەک بگاتە ئەوڕادەیە ! ئایا لەباربردنی سەرجەم خۆشەویستیەکانی نێوانیان نیە ؟!!

**********************************

٣٥- ئەگەر هاوسەرەکەت بینی تووڕەیە !! ئەوەبزانە تووڕەیی هاوسەر لەخۆشەویستیەوە سەردەردەردەکات نەک دوژمنکاری ! بۆیە کەمێک دان بگرە بەخۆتدا زۆر زوو تووڕەییەکەی دەڕەوێتەوەو دەچێتەوە دۆخەکەی جارانی و لەناخیدا پەشیمان دەبێت لەوەی کە کردوویەتی!! بۆیە زۆربەی کێشەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نیگەران بوونی یەکێک لە هاوسەرەکان وەک نیگەرانی ناحەزوو دوژمنکار ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت !! بۆیە وەڵامی تووڕەیی بە تووڕەیی دەدەنەوەو ڕێگایەکی ناتەندرووست دەگرنە بەرلەونێوەندەدا و قەیرانی لێ دەکەوێتەوە !! ئێمە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤین بەدڵنیاییەوە هەڵەمان لێدەبینرێت و دەبێت چاوپۆشی بکەین لەیەکتری و نابێت وا هەست بکەین کە نابێت هەرگیز پێچەوانەی ویستی ئێمە هەڵس وکەوت بکرێت !! پێشینانیش گوتویانە کێشەی نێوان ژن و مێرد وەکو بەفری بەهار وایەو زۆر خۆناگرێت و زوو دەتوێتەوە !! ئەگەر ڕەفتارێکی هاوسەرەکەت پێ باش نەبوو بزانە کە ڕەفتارێکی تری هەیە کە شەفاعەت بکات بۆ ئەوەی تری.

٣٦- پێویستە هاوسەرەکان ئەوەبزانن کە ڕاستە هاوسەرگیری دەکەن و خانەوادەیەکی نوێ پێک دێنن بەڵام ئەوەناگەیەنێت مادام هاوسەرگیریت کردووە لەگەڵ کەسێک ئیتر ئەبێت ئەویش لەهەموو شتێکدا گوێ لەمشتی تۆ بێت و وەکوو تۆ بیر بکاتەوە !! ئەمە تێڕوانینێکی زۆر هەڵەیە !! هەرئەوەیشە ئارامی بەشێک لەخانەوادەکانی تێک داوەو کێشەی گەورەی لێکەوتووەتەوە!!

✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼✼

چونکە دوو هاوسەر لەدووخانەوادەی جیاواز ! دوو مێشکی جیاواز ! دووڕەگەزی جیاواز! چۆن دەگونجێت بەیەک شێوە بیربکەنەوە!بۆیە کارێکی ئاساییە شتێک لای تۆ پەسەند بێت بەڵام لای ئەو وانەبێت ! یان تێڕوانینت بۆ شتێک پێچەوانەی تێڕوانینی ئەو بێت و بەپێچەوانەشەوە ! هەموو ئەمانە دەبێت بەئاسایی وەربگیرێت . بەڵام دەکرێت بەدانایی و بەسانایی و بە بێ توندووتیژی ، هاوسەرەکەی خۆت بهێنیتە سەرڕاو بۆچوونەکانی خۆت و بۆشایی لەنێوانتاندا کەمتر بکەنەوە !! هەندێک بیروو بۆچون و ویستی پێویست کەڕەنگ دەداتەوە لەیەکێک لە هاوسەرەکاندا وەک دینداری ،نوێژ کردن ، پۆشینی پۆشاکی داپۆشراو یان تێڕوانینی سیاسی یان هەرشتێکی تر کە ڕەنگی زیاتری دابێتەوە تیایاندا دەبێت پێش هاوسەرگیری یەکلا بکرێتەوە لەنێوانیاندا و جۆرێک لە سازش هەبێت لەسەری دەنا دواتر لەوانەیە کێشەی گەورەی لێبکەوێتەوە .

٣٧ دەبێت دایک و باوک پێکەوە خۆیان یەک ڕابکەن لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و بوونی دوو ڕای جیا لەسەر پەروەردەی منداڵ ! دەبێتە هۆی درووست بوونی ناتەبایی لەنێوان ژن و مێردداو ! منداڵەکانیش ڕەنگ دانەوەی خراپیان لەسەر درووست دەبێت!

٣٨- ووشەی شیرینی پڕ لەخۆشەویستی و ڕێزدار بەکار بهێنە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هاوسەرەکەت ! چونکە تەنها یەک ووشەی شیرین بەسە بۆ ڕەواندنەوەی شاخێک لە دوودڵی و ساڕێژکردنی زامەکان و تواندنەوەی

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

ناحەزیەکان. پێشینانیش زۆر ڕاستیان گوتووە ، مار بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەر!!

٣٩- هەرگیز ویستی خۆت بەزۆر مەسەپێنە بەسەر هاوسەرەکەتدا ! چونکە لەوانەیە بەسەر زارەکی وابزانیت بەگوێت کراوە ! بەڵام دڵی ئەو گوێبیستت نەبووەو ناشبێت ! چونکە بەزۆرە !

٤٠- گەر دەتەوێت بەرگەی ناحەزیە دەرەکیەکان بگریت ! هەرگیز کارێک مەکە ماڵەکەت پشێوی تێ بکەوێت ! چونکە گەر ماڵەکەت ئاوەدان و تەبابێت ،زۆر بەئاسانی زاڵ دەبیت بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانت و هیچ ناحەزێک ناتوانێت پشتت بدات لەزەوی ! بەپێچەوانەشەوە ئەگەر وانەکەیت هەمیشە لاوازوو ژێرکەوتەو دڵغەمین دەبیت و چێژ لەژیانت ناکەیت! ئەگەر چی بەڕواڵەتیش وا خۆت نیشان بدەیت دڵخۆش و نەبەزیویت ! بەڵام بۆ خۆت دەزانیت کە پێچەوانەکەی ڕاستە!

٤١- ڕێگە مەگرە لەهاوسەرەکەت ئەگەر ویستی سەردانی ماڵی باوکی و براو خوشکەکانی بکات ! یان بەپێی توانا یارمەتیان بدات ! چونکە پیاوان کەی ویستیان بەمافی خۆیان دەزانن کەبچن بۆ ماڵە باوان و براو خوشکەکانیان و دەست ڕەهایش دەبن لەیارمەتی دانیان !! دەی کەوایە بۆچی ئەبێت بەهەمان شێوەش ماف نەدەیت بەخێزانەکەت کەئەویش ئازادبێت لەومافەیدا! لەکاتێکدا ئەویش وەکو تۆ سۆزی هەیەو بگرە ئافرەتان زیاتریش !

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

لەهەمان کاتیشدا زیادەڕەوی کردنیش لەو سەردانیانەدا ! لەوانەیە ببێتە هۆی زویر بوونی هاوسەرەکەت و بەمەش ئەگەر چی مافی خۆت دەستەبەر کردووە ! بەڵام مافی بەرامبەرەکەت نەپاراستووە ! بۆیە پێویستە ڕەچاوی هەردوولا بکرێت بۆ ئەوەی کێشەی لەسەر نەکەوێتەوە.

٤٢- هەوڵ بدە هەرکات چویتەدەرەوە با هەردووکتان بزانن و کاتێکیش لەبەر هەر هۆکارێک دواکەوتیت بۆ گەڕانەوە هاوسەرەکەت ئاگادار بکە لێی ، بۆ ئەوەی چاوەڕوانیت بێزاری نەکات و بەدیار خواردنەکەوە بەغەمباری نەمێنێتەوەو گلەیی لێ پەیدا نەبێت!

هەروەها کاتێک هەر کامێکتان بۆ ئەنجامدانی پێویستیەکی خۆی چووە دەرەوە بە بێ ئاگاداری هاوسەرەکەی ، یان درەنگ گەڕایەوە ماڵەوە ، با بەئاسایی وەربگیرێت ! مادام متمانە هەبێت لەنێوانتانداو مادام ئەمە کارێکی هەمیشەیی نیەو تەنها ناوبەناوێک شتی وا ڕوودەدات.

٤٣- هەوڵ بدە هەرکات میوانداریی هەر کەسێکت کرد پێشتر خێزانەکەت ئاگادار بکە لێی ! بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات ، چونکە هێنانەوەی میوان بەبێ ئاگاداری ! هاوسەرەکان زویر دەکات و دەتوانیت ئاگاداركردنیان بەتەلەفۆنێک خۆ دوور بگریت لەو پشێوییە !!

٤٤ هەر کاتێک کێشەیەک کەوتە نێوانتانەوە ، هەوڵ بدەن خۆتان چارەسەری بکەن و مەیگەیەنن بەماڵە باوانتان ! چونکە هەریەکێک لە هاوسەرەکان کێشەیەک کە بەخۆیان چارەسەر بکرێت ، بەڵام نەیکەن و بیگەیەنن بە ماڵی

***********************************

باوانیان ئەوە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕێزی هاوسەرەکەی لای ماڵی باوانی و بەوهۆیەشەوە ئیتر نەک هەر هاوسەرەکەیان خۆش ناوێت بەڵکو سەریش دەکێشێت بۆ ساردبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ ماڵە باوانی ئەویش و ئەوەش نەک هەر چارەسەری کێشەکەیان ناکات بەڵکو بەرەو تەنگەشەو ناهەمواری زیاتریان دەبات !!

٤٥- کاتێک هەڵس و کەوتێکت بینی لەهاوسەرەکەت ، نابێت خەتی سوور ببەزێنیت بەوەی جنێو بدەیت پێی ! یان بە دایک و باوک و براوخوشکی !! چونکە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوە کارێکی ڕێگەپێدراو نیەو حەرامە ! سووکیشت دەکات لەپێش چاوی هاوسەرەکەت و پێشینان گوتویانە جێگەی خەنجەر چاک دەبێتەوە بەڵام جێگەی قسە چاک نابێتەوە!!

٤٦- زۆر بە دانایی هاوەڵەکانت هەڵبژێرە ،چونکە زۆر جار بەهۆی هاوەڵی نادڵسۆزەوە کێشەی گەورەت بۆ دێتە پێش و بەئاسانی لێی دەرباز نابیت !! بۆیە گوێ بۆ هیچ هاوەڵێک شل مەکە کە بیەوێت بەناوی دڵسۆزیەوە ناتەبایی بخاتە نێوانتانەوە !! چونکە بەتەنها یەک ووشە لەوانەیە ماڵت وێران بکات !! بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت نەکەن هاوڕێ ی خراپ بگرن!!

٤٧ هەرکات کێشەیەکت هەست پێ کرد ئەگەر بچوکیش بێت !! نەکەیت پشت گوێی بخەیت ! چونکە کێشەی پشتگوێ خراو کەڵەکە دەبێت لەسەر یەکتروو دوایی دەبێتە کێشەیەکی گەورەو بائاسانی چارەسەر ناکرێت!!

*******************************

٤٨ –وەکو هاوڕێیەک بڕوانە لە هاوسەرەکەت و هەمیشە بە گفتوو گۆ کارەکانتان ئەنجام بدەن و بەشێوەیەک ڕەفتاری لەگەڵ بکە کە تۆ پێت خۆشە زاواکەت ئاوا ڕەفتار بکات لەگەڵ کچەکەت یان خوشکەکەت !! چونکە ئەویش خوشکی کەسانێک و کچی خانەوادەیەکی وەکو تۆیە!!

٤٩- ئازادی بدە بەهاوسەرەکەت و هەمیشە تەداخول لەکارەکانی ئەودا مەکە با بەدڵسۆزیشی بزانیت !!

٥٠ – هەرشتێک دەزانیت لەوانەیە دوای هاوسەرگیری کێشەی لەسەر درووست ببێت ! باشتر وایە پێش هاوسەر گیریەکە هاوسەرەکەتی لێ ئاگاداربکەیت! چونکە ئێستا پێک نەیەن باشترە نەک دوای گواستنەوە لێک جیا ببنەوە !! .

٥١- ڕاست گۆبە لەگەڵ هاوسەرەکەت و هەرگیز هیچی لێ مەشارەوە ! ئەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانەت لەلای ئەو.

٥٢- لەسەربۆچون و داواکاریەکانت سوور مەبە بە هەمیشەیی و دەرفەتی ڕێکەوتنی با تیابێت !! چونکە ئەگەر تۆ سوور بیت لەسەر ڕای خۆت و هاوسەرەکەیشت بەهەمان شێوە ئیتر چۆن دەتوانرێت ڕێک بخرێنەوە!!

٥٣- داوای زۆرت لەهاوسەرەکەت نەبێت بازۆر تۆیشی بەدڵ بێت و قسەت نەشکێنێت !! بەڵام هەمووشتێک سنوری بۆ هەیەو زیادەڕەوی ڕۆژی ڕەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت !! جگە لەوەی ئەگەر هاوسەرەکەت دەرامەتێکی دیاری کراوی هەبێت ، ناتوانێت هەموو داواکانت بۆ جێ بەجێ بکات وسووربوونی تۆش لەسەر داواکانت کێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت!!

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

٥٤- دوور کەوتنەوە لە گوناە بەهەموو جۆرەکانی !چونکە گوناە هەنگوینێکی ژەهراویە و نزیک بوونەوە لێی ، خۆشی ژیانت دەمرێنێت و بەردەوام بەهۆی گوناهەکانتەوە کێشەی ڕۆژانەت بۆ درووست دەبێت !!

٥٥- خۆدوور گرتن لەکێشانی تلیاک و جگەرەو لەخواردنەوەی سەرخۆش کەرەکان ! چونکە بەهۆیەوە سامان و خەرجی ماڵ و منداڵت بەهەدەر دەدەیت و تەندروستی خۆیشت دەخەیتە مەترسیەوەو! کەسایەتی خۆیشت لاواز دەکەیت و زۆر کەس بەوهۆیەوە وای لێهاتووە کە بکەوێتە ژێر قەرزێکی زۆریشەوە ! جگە لە درووست بوونی توورەیی زیاد و شپرزبوونیش لەژیاندا ! کە هەموو ئەوانە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر تێکدانی شیرازەی خانەوادەکان !! بۆیە ئەگەر پێشتریش تووش بووبێتی پێویستە قوربانی بدەیت پێیان و وازی لێ بهێنیت ! لەپێناو بەرقەراربوونی کامەرانی ماڵەکەت!!

٥٦ نەبردنەدەرەوەی هیچ نهێنیەکی نێوانتان ! تەنانەت لای خۆشەویست ترین کەسیشت نەیدرکێنیت !! چونکە هەموو خانەوادەیەک نهێنی و تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەوەش ئەمانەتێکە لەگەردنی هەردوو هاوسەروو نابێت بەئاسانی وەربگیرێت !! هەروەها لەکاتی ناتەباییەکانیشدا هەر نابێت ئەو نهێنیانەی هاوسەرەکەت بدرکێنی کەپێشتر لەبەر متمانەکردنی بەتۆ درکاندوویەتی لەلات!! چونکە هاوسەرەکان ئاشنا ترین کەسن بەنهێنی یەکترو!! درکاندنیان کێشەی گەورەی لەسەر درووست دەبێت !!

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

٥٧- کاتێک زانیت خێزانت لەبەر هەرسەرقاڵیەک خواردنی ئەوژەمەی بۆ ئامادە نەکراوە بۆت !! زۆر بەئاسانی وەری بگرەو خواردنی دەرەوە بهێنەرەوە بۆخۆت و بۆ ئەویش !! کە ئەوە هۆکارێکی باشە بۆ زیادبوونی خۆشەویستی لەدڵەکاندا.

٥٨- هەرکاتێک کێشەیەک درووست بوو لەنێوانتاندا هەرگیز ماڵی خۆتان جێمەهێڵن و بمێننەوە لە شوێنی خۆتاندا !! بۆئەوەی کەسی تر بە کێشەکەتان نەزانێت و سەرنەکێشێت بۆ خراپتر!!

لەبەینی ژن و مێرد کات دەبێتە چارە سەرێکی باش بۆڕێککەوتنەوە ! زۆر جار دوای چەند کاژێرێک هاوسەرەکان بەخۆیاندا دەچنەوەو پەشیمان دەبنەوە لە هەڵوێستە نادرووستەکانیان !!

٥٩- هەرکاتێک هەڵەیەکت کرد بەرامبەر هاوسەرەکەت و پاشان بۆت دەرکەوت کەتۆ هەڵە بویت ! دان بنێ بەهەڵەکەتداو داوای لێبووردن بکە لێی ! چونکە دان نان بە هەڵە چاکەیەو !! گێڕەرەوەی ئاسودەییە بۆ ناو دڵەکان !

بۆیە کاتێک گلەییت لێ کرا لەلای هاوسەرەکەتەوە لەسەر شتێک کە تێتدا بوو ! هەرگیز پارێزگاری نادرووست لەخۆت مەکە و مەڵێ تۆش لەمن باشتر نیت و!! کێشە کۆنەکان مەدەرەوە بەڕویدا ، چونکە بەدەستی خۆت کێشەکە گەورەتر دەکەیت !! .

٦٠- دەست خۆشی بکە لەهەر کارێکی باش کە هاوسەرەکەت دەیکات ، لەکاری ماڵەوە یان دەرەوە، چونکە سوپاس و دەست خۆشی لەبەرامبەرەکەت ، هاندانێکی باشە بۆ باشتر کردنی کارەکان و برەودانە بە بەردەوامی

*********************************

خۆشەویستی نێوانتان و هۆکارێکی باشیشە بۆ سڕینەوەی ناتەباییەکانی پێشووتر !!

٦١ باسکردنی چاکە و باشیەکانی هاوسەرەکەت لای کەس و کاروو هاوڕێکانی ئەو بەبێ ئاگاداری خۆی بەهەند وەر بگرە !! چونکە بەدڵنیاییەوە دەگاتەوە پێ ی و دڵخۆشی دەکات و دەبێتە نەمامێکی خۆشەویستی و لەدڵیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە!!

-٦٢ هەرگیز هەوڵ مەدە ئەگەر یەکێک لەمنداڵەکانتان هاروهاجیەکی کرد ، گلەیی بکەیت لەهاوسەرەکەت لەسەر ئەوەو تووڕە نەبیت لێی ! چونکە هەروەک منداڵی ئەوە منداڵی تۆیشە و ! هەرگیز نەدایک و نەباوک کەسیان حەزناکەن منداڵەکانیان لاساروو گوێ نەبیست بن ! بۆیە دەبێت چارەسەری تری بۆ دابنرێت ! یان ئەگەر دایک یان باوک بەمەستی پەروەردەی منداڵەکە جۆرێک لە تووڕەیی هەبوو لەگەڵ منداڵەکانت بەئاسایی وەری بگرەو کێشەی لەسەر دروست مەکە!!

-٦٣ هیچ جۆرە خیانەتێک لە هاوسەرەکەت نەکەیت ! بە ڕێگای نادرووست بیر لەوکارانە نەکەیتەوە چونکە پەیوەندیەکی زۆر بەهێز هەیە لەبەینی هەست و گیانی ژن و مێردەکاندا بە جۆرێک کە زۆر بەزووی ئاشکرا دەبێت کارە نادرووستەکەت ! ئەگەر لەڕێگەی خەوبینینیشەوەبێت ئاگادار دەکرێتەوە لێی و!! بەوهۆیەوە بەدەستی خۆت ماڵەکەی خۆت تێک دەدەیت! چونکە نەفس پێویستی بەبەستنەوە هەیە ئەگینا هەرگیز تێر نابێت و ژیانت پڕ کێشە دەکات.

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

جا ئەو خیانەتە ئەگەر بەشداربوون لەچاتێکدا بێت ! یان لەڕێگای تەلەفۆنکردنێکی نادرووست یان ئیمەیڵێک یان هەر ڕێگایەکی تر ! ئەگەر مەبەستیشت پێی خیانەت نەبێت و تەنها بۆ گاڵتەو کات بەسەر بردنێکیش بێت!! یاخود لە ڕقی مێردەکەت ! چونکە زۆرجار کاتێک مێردەکە خیانەتکار بووەو خێزانەکەی پێی زانیوە ، بۆ تۆڵەسەندنەوە لەمێردەکەی ئەمیش هەوڵی ئەوەی داوە کاری ناپەسەندوو سەرشۆڕکەر بکات ، کەلەبنەڕەتدا خۆیشی پێی ڕەوا نیە !! ئەمە وەک ئەوە وایە کەسێک خۆی بسوتێنێت بەدەستی خۆی و تۆش لەڕقی ئەو هەوڵ بدەیت خۆت بسوتێنیت ! چونکە خیانەت لەدونیا شکۆمەندی و ئابڕووت دەسوتێنێت و لە پاشەڕۆژیش دۆزەخ چاوەڕێتە !! بۆیە مرۆڤی پڕفام و تێگەیشتوو ئەگەر نادروستی لەهەر کەس بینی دەبێت هەوڵی چارەسەری بدات ، نەک خۆشی تێوە بگلێنێت !! چونکە ئەو خیانەتانە نەخۆشین و دەبێت وەک دکتۆر چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە ! کەواتە هەموو ئەوانە پێچەوانەی ئاکاری هاوسەری دڵسۆزو ڕۆشنبیرەو جگە لە نشوستی و تێکدانی ژینی خۆت ، شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت و ! پەشیمانیش دواتر سودی زۆری نابێت بۆت !!

٦٤- کاتێک هەڵەیەکت بینی لەهاوسەرەکەت پێی مەڵێ من پەشیمانم لەوەی تۆ بویتە هاوسەری من و تەنها لەبەر خاتری منداڵەکان ماومەتەوە لەگەڵتدا !! چونکە لەوانەیە زۆرشت لەبیر بکات بەڵام ئەمەیان نا !! چونکە ئەوە زامێکی قوڵ درووست دەکات لەدڵدا!!

*******************************

٦٥ ئەگەر کێشەیەکتان بوو هەرگیز لەژورێکی تر مەخەوە ! چ جای ئەوەی بچیت لە ماڵێکی تر بخەویت ! بۆئەوەی بۆشایی گەورە تر نەکەوێتە نێوانتان !تەنانەت زانایان لەتەفسیری ئایەتی (واهجروهن في المضاجع) دەفەرمون مەبەست ئەوەنیە کەشوێنی لێ جیا بکەیتەوە ! بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر کێشەیەکتان هەبوو بەمەبەستی چارەسەرکردن لەسەر ئەوجێگەی پێکەوە دەخەون پشت بکەنە یەکتر نەک زیاتر!!

٦٦ هەرکاتێک کێشەیەکت هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەت نەکەیت ئەرکەکانت پشت گوێ بخەیت ! چونکە ئەوە وادەکات کێشەکە گەورەتر بکەیت ! مێردەکە دەبێت هەروەکو ڕۆژان پێداویستی ماڵ ئەنجام بدات و خێزانیش کاروباری ماڵ وەک جاران ئەنجام بدات!! ئافرەتێکی داناو سەنگینم لەبیر دێت کاتێک لەگەڵ مێردەکەی کێشەیەکیان بوو بوو ، مێردەکەی وادەزانێت تۆراوەو چوەتەوە ماڵی باوکی ، بەڵام ئەم ئافرەتە دانایە ، دڵسۆزی خۆی و ماڵ و منداڵی بووەو کێشەکەی گەورەتر نەکردووە ، کاتیک مێردەکەی دەچێتە دەرەوە بۆ کاروو کەسابەتی ڕۆژانە ئەمیش دەگەڕێتەوە ماڵ و ماڵەکەی پاک وخاوێن دەکاتەوە وەکو جاران و خواردنیش ئامادە دەکات بۆ مێردەکەی و بۆ منداڵەکانی !! کاتێک گوێی لە دەنگی مێردەکەی دەبێت نیوەڕۆ کە خەریکە دێتە ماڵەوە! بەپەلە دەچێتە ژووری پشتەوەو لەناو سندوقێک خۆی حەشار دەدات بۆ ئەوەی مێردەکەی نەزانێت هەر لەماڵەو دەرسێکی مێردەکەیشی دابدات و جارێکی تر کێشە درووست نەبێتەوە ! کاتێک مێردەکەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە سەیر دەکات

خواردن ئامادە کراوەو ! ماڵەکە پاک و خاوێن کراوەتەوە و خێزانیشی لەماڵ نیە !! سەری سوڕدەمێنێت کێ ئەم کارانەی بۆکردوون !! بەدەم بیرکردنەوەوە بەماڵەکەدا دەگەڕێ و سەرێکیش دەدات لەژووری دواوە کراسی خێزانی دەبینێت بەلایەوە سەیرە ئەم کراسە بۆچی لەو سندوقە هاتۆتەدەرەوە ! چونکە لەپەلەپەلیدا کەمێردەکەی هاتۆتەوە ، نەیتوانیوە خۆی باش بشارێتەوە!! بۆیە کاتێک سەری سندووقەکە هەڵدەداتەوە زۆر دڵخۆش دەبێت بەوەی کەخێزانی نەتۆراوەو هەرلەماڵەکەدا ماوەتەوە !! بۆیە تەنها بەخێزانەکەی دەڵێت ئەوەلێرەی ؟!! ئیتر ئاودەکرێت بەئاگرداو کەس باسی هیچ ناکات و دۆخەکە دەچێتەوە دۆخی جاران.

٦٧- کاتێک هاوسەرەکەت بەرەو کار دەچێتەدەر هەتا بەردەرگا لەگەڵی برۆو خواحافیزی لێ بکە !! ئەمە وادەکات خۆشەویستی زیاتر بچەسپێت لەدڵداو ! والەویش دەکات کەئەم هەڵوێستەی لەبیر بێت و لەسەر کارەکەیەوە بەتەلەفۆن هەواڵت بپرسێت ! ئەگەر چی زۆر جار پیاوان بەناوی ترەوە تەلەفۆن دەکەن بۆ هاوسەرەکانیان بەڵام زۆر جاریش مەبەستیان خۆشەویستی هاوسەرەکانیانە!

٦٨- ئەگەر میوانێکی هاوسەرەکەت هات بۆماڵتان زۆر بەجوانی و بەڕێزەوە هەڵس وکەوت بکە لەگەڵیان ، چونکە ئەوە خۆشەویستی زیاتر دەکات لەنێوانتانداو دواتر ئەویش بەهەمان شێوەی تۆ ، جوان ڕەفتار دەکات لەگەڵ میوانەکانی تۆ !.

************************************

٦٩- هەڵبژاردنی بێدەنگی لەکاتی درووست بونی کێشە لەگەڵ هاوسە رەکەت ، چارەسەرێکی گونجاوە بۆ زۆرێک لە کێشەکان .

٧٠- یارمەتیدانی ماڵی باوک کارێکی پێویستە بەڵام نابێت زیادەڕەوی تێدابکەیت! چونکە ماڵ و خێزانی خۆیشت مافیان هەیە لەسەرت و پێویستە ئەمانیش لەیاد نەکەیت !! بەشێک لەکێشەکان لەوەوە سەرهەڵدەدات کە مێردەکان زۆرترین داهاتیان بۆ ماڵە باوک و براوخوشک و کەس و کاریان سەرف دەکەن و بەشێکی کەم دەهێڵنەوە بۆ ماڵ و منداڵی خۆیان و ئەمەش گلەیی و زویری خێزانی لێدەکەوێتەوە و پێویستە بەووریایی ڕەفتار بکرێت لەم نێوەندەدا .

٧١- هەوڵ مەدە لەسەر حسابی هاوسەرەکەت پێگەی خۆت بەهێز بکەیت ! بەهێز ترین پێگەی هاوسەرەکان لە تەبایی و هەماهەنگیدایە نەک شتێکی تر!!

٧٢-هەرکاتێک دەرامەتت هەبوو ماڵێک بکڕیت بۆ حەوانەوەتان دوای مەخە! چونکە زۆر ماڵ گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر نائارامی لێدەکەوێتەوە!

٧٣- هەوڵ بدە بەپێی بەڕەکەی خۆت پێ ڕابکێشەو خۆت مەخەرە ژێر باری قەرزەوە کە نەتوانیت بیدەیتەوەو لێپرسینەوەی بەردەوامی خاوەن قەرزەکان هاوسەرەکان ماندوو دەکەن و کێشەی خێزانی لەسەر پەیدا دەبێت!!

٧٤- خۆت بەبەرپرسیار بزانە بەرامبەر ماڵ وخێزانت و لاموبالات مەبە ! چەندە تۆ بەتەنگ ماڵ و منداڵەکانتەوە بیت ئەوەندە ڕێزوو خۆشەویستیت زیاد دەکات لەبەردەمیاندا .

***************************************

٧٥- لە بۆنەو موناسەباتەکاندا هەرگیز خۆت بەکەم مەگرە لەپێش چاوی ئامادەبوانداو باشترین پۆشاکت لەبەر بکە ! چونکە چەندە بەلێهاتوویی و بەسەنگینی ببینرێیت لەلایەن هاوسەرەکەتەوە ، ئەوەندە خۆشەویست تر دەبیت و پێگەت بەهێز تر دەبێت لای.

٧٦- هەوڵ بدە کاتێک هاوسەرەکەت پێی خۆش بوو جل و بەرگێکی تایبەت لەبەر بکەیت ، بەگوێی بکە ئەگەر جلێکی ناپەسەند نیە ! چونکە دەبێتە هۆی زیاد بوونی خۆشەویستی نێوانتان !!

٧٧- هەندێک هاوسەر هەمووهەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی مێردەکەی دوورە پەرێز بکات لەماڵی باوانی و تەنها قۆرخی بکات بۆ خۆی و هەموو ڕێگایەکی نادرووست دەگرێتە بەر بۆ سەرگرتنی پلانەکەی !! لەڕاستیدا ئەوە بڕیارێکی زۆر هەڵەو نامرۆڤانەیە و دووربێت یان نزیک ئەو ماڵە ئارامی لەدەست دەدات و سەرکەوتوو نابێت لەوپلانەدا ! بۆیە هاوسەری دڵسۆزو دانا ئەوەیە کە بتوانێت بەدەستێکی مێردەکەی ڕاگیر بکات و بەدەستەکەی تریش ماڵەباوانی ! ئەوە هۆکاری کامەرانی ماڵە نەک پێچەوانەکەی!!

٧٨- هەوڵ بدە هەرگیز دەنگ بەرز نەکەیتەوە بەسەر هاوسەرەکەتدا لەکاتی ڕوودانی هەرناکۆکیەک !! بەڵکو هەوڵ بدە دان بەخۆدا بگرەو بەنەرم و نیانی و بەووشەی شیاوو گونجاو، پارێزگاری لە خۆت بکەو داواکەی خۆت بگەیەنە !

*****************************

٧٩- بەشێک لەکێشەکان دەرەنجامی دوو ڕاییە لەسەر بەشوودانی کچەکانیان یان ژن هێنان بۆ کوڕەکانیان ! بۆیە ژن و مێردی داناو ڕۆشبیر ئەوانەن کە بە تەبایی و لێک حاڵی بوون هاوسەرگیری بۆ منداڵەکانیان ساز دەکەن.

٨٠- هەندێک ماڵە باوان ڕۆڵێکی نەگەتیڤ دەبینن لەنێوان هاوسەرگیری منداڵەکانیان ! بۆیە زۆر پێویستە ژن و مێرد بۆخۆیان تەباو گونجاو بن و ڕۆڵی ناتەندرووستی ماڵە باوانیان گاریگەری خراپ درووست نەکات لەسەریان!

٨١- هەرگیز توانج مەدە لە هاوسەرەکەت و گاڵتەی وای لەگەڵ مەکە کەپێی ناخۆش بێت !! بۆئەوەی تەبایی نێوانتان بۆشایی تێ نەکەوێت ! بەتایبەت زۆرێک لەپیاوان ڕۆژانە خێزانەکانیان ڕادەچڵەکێنن بە ناوهێنان و باس کردنی هێنانی ژنی دووەم !! کەزۆریشیان ئەگەر چی خۆشحاڵن بەهاتنە دی ئەو خەونە! بەڵام دەزانن زۆر دوورە بۆیان بگونجێت و تەنها ووشەیەکەو زاری ئاسوودە کردوون !! لە وانەیە هێنانی ژنی دووەم ئاسانتر بێت لە و داخ کردن بەدڵانەی ڕۆژانەی مێردەکانیان، بەباسکردنی ژن هێنانی تروو !! پێشینان ڕاستیان گوتووە ، کەدەڵێن پێوەدان باشترە لە زیرەزیری زەردەواڵە!!

٨٢- ئەگەر ویستت هەڵەیەکی هاوسەرەکەت چارەسەر بکەیت ، ڕەخنەی لێ مەگرە ! بەڵکو بەڕێگای هاندان و پێشنیار ڕەخنەکانی خۆتی پێ بگەیەنە.

٨٣ زۆرێک لەخانەوادەکان زوو دەکەونە ژێر کاریگەری دەورووبەریان و هەمیشە داواکاری زۆریان دەبێت و بەوهۆیەوە بەدەستی خۆیان ماڵی خۆیان تێک دەدەن و هەمیشە چاو لەسەروو خۆیان دەکەن ! بۆیە بەمەبەستی ڕێگە

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

چارەی گونجاو سەردانی چەند ماڵێکی پێ بکە کە بژێوی و حاڵیان لەخوار ئێوەوە بێت ! ئەوکات سەقامگیری زیاتر دەکەوێتە نێوانتانەوە ! هەروەکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت ئەگەر سەیری سەرووخۆتان کرد سەیری خوارووی خۆشتان بکەن ڕێکی دەکاتەوە!!

٨٤- هەوڵ بدە کارە باشەکانت لەگوفتارەکانت زیاتر بێت و بەردەوام ووتارەکانت هاوشێوەی کردارەکانت بێت!

٨٥- هەرکاتێک هاوسەرەکەت ویستی قسەت بۆ بکات گوێی لێ بگرەو بە هەند وەری بگرە لێی ! باوانەزانێت کە ڕێز بۆ قسەو پێشنیارەکانی ئەو دانانێیت و بەوهۆیەوە خۆشەویستی نێوانتان کەم بکاتەوە!

٨٦ مانەوەی ڕۆژانەو بەردەوام بەدیار کۆمپیوتەروو فەیسبووک و ئەنتەرنێت !! وات لێدەکات کە هاوسەرەکەت لێ بێتاقەت ببێت و ناڕەزابێت بەوکارەت و سەرەتایەک دەبێت بۆ دروست بوونی کێشەو داڕمانی ئارامی ماڵ!! بۆیە پێشینان ووتویانە هەمووشتێک بەخوێ و خوێش بەمانا!! بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەنجام دانی ئەوانەشدا کاتێکیش دیاری بکەیت بۆ هاوسەرەکەت ! چونکە هەرشتێک زیادەڕەویت تێداکرد ، مانای وایە لایەکی ترت فەرامۆش کردووە دەبێت بەگا بیت لێی!!

٨٧- زۆرێک لەو هاوسەرانەی کە خێزانەکانیان زمانیان جیاوازە یان بەلەهجەیەکی تر قسەدەکەن پێویستە لەکاتی تێکەڵ بوونیان بەکەسانێکی تر کەبەزمان یان لەهجەیەکی تر قسەدەکەن چەند دەتوانن بەزوبانیک یان

*************************************

لەهجەیەکی یەکسان ئاخافتن بکەن بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەیان بێزار نەبێت ! کەچەند کاژێرێک قسەبکرێت ئەم هیچی لێ تێ نەگات ! زۆر جار لەوانەیە ئافرەکە شەرم بکات و لەڕوی نەیەت پێیان بڵێت بێزاربووم ! ئەرکی سەرشانی مێردەکەیەتی کە داوابکات لەئامادەبوان کە بەشێوەیەک بدوێن کەهەموان لێی تێ بگەن ! بۆیە بۆ جاروو دووجار لەوانەیە ئاسایی بێت بەڵام ئەگەر بەشێکی زۆر لەژیانیان بەم شێوە بێت بەدڵنیاییەوە نیگەرانی لەسەر درووست دەبێت وسەرەنجامی باشی نابێت ! ئەمە جگەلەوەی ناهەقیەکیشە دەرهەقی ئەوکەسە دەکرێت ! ئیتر ئەوکەسە کورد بێت یان نەتەوەیەکی تر لەکاتێکدا ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هاوسەرگیری دەکەن لەگەڵ خاوەن لەهجەکانی تر وەک بادینانی، هەورامی ،کرمانجی یان ئەوڕێژە زۆرەی هاوسەرگیریان کردووە لەگەڵ پاکستانی و هیندی وڕوسی و عەرەب وئینگلیزو وولاتانی ئەورووپی وهتد..

٨٨- نەبوونی بەرنامەو سستی لە بەڕێکردن و بەڕێوەبردنی ماڵدا هەیبەتی مێرد ناهێڵێت لەپێش چاوی ماڵ و خێزانەکەیداو پەردەوازەیی و پچڕاندنی شیرازەی خێزانی لێدەکەوێتەوە ! بۆیە گورج وگۆڵی لە دانانی بەرنامەو جێبەجێ کردنی پێداویستیەکان هێزێک دەداتە مێردەکەو شکۆی زیاتر دەکات و دەبێتە هۆکاری چاوپۆشی بەشێک لەهەڵەکانی پێشووی لەلایەن هاوسەرەکەیەوەو خۆشەویستی زیاتر دەکات !!

٨٩- ڕواڵەت هەموو شتێک نیە ! بەشێک لەهاوسەرەکان (ژن یان مێرد) کارووباری ماڵیان فەرامۆش کردووەو هەموو تواناکانیان بۆ ڕواڵەت و ڕوکەشی

دەرەوەی خۆیانە ! لەپۆشاکی جوان و خۆڕازاندنەوەی خۆیان ! ئەگەر چی ئەمە کێشەی نیەو کارێکی باشە بەڵام بەهاوشانی پەراوێز نەخستنی پێداویسیەکانی ماڵ و منداڵ و بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی تەندرووست !! چونکە ڕواڵەت وڕووکەش ئەگەر ڕەنگدانەوەی بەڕێوەبردنێکی بەهێز نەبێت شکۆمەندیت پێنابەخشێت و بگرە لەپێش چاو نزم دەبیتەوەو لەپێش هەمووشیانەوە لەپێش چاوی هاوسەروو منداڵ و کەس و کارت و بەمەش هەمیشە ناتەبایی یاوەری ماڵەکەت دەبێت و وا دەکات لەبەرامبەرەکەشت کە دڵسۆزی زۆر بەخەرج نەدات بۆت و خۆشەویستی بار بکات لەو ماڵەدا!!

لەلایەکی تریشەوە خۆ ئیهمال کردن و نەپۆشینی پۆشاکی جوان لای هاوسەرەکانەوە شادی دڵەکان دەپروێنێت ! پیاوان کاتێک کاردەکەن و دەگەڕێنەوە ماڵەوە نابێت بەپۆشاکی کارەوە زۆر بمێننەوە!یان هەربەو پۆشاکانەوە سەردانە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام بدەن ، کەبۆنی عەرەق و چڵکی لێ دێت ! خێزانەکان پێیان خۆشە هەمیشە هاوسەرەکانیان بۆن خۆش و بەلیاقەت بن ! بەهەمان شێوەش ئافرەتەکان نابێت بە جل و بەرگی کارکردنی ماڵەوە ، بەهەمیشەیی پێشوازی لەهاوسەرەکانیان بکەن ! بەڵکو پیاوان ئارەزومەندی ئەوەن کەهاوسەرەکانیان لەئەوپەڕی ڕواڵەتی جوان و شایستەدا پێشوازیان لێبکرێت ! ئەگەر هەردوولا بە دڵی شادوو کامەران چاویان بەیەکتری هەڵنەیەت ! بێگومان دڵخۆش نابن بەیەکتروو خۆشەویستی نێوانیان ڕوو لەکزی دەکات و ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە !

*****************************

**٩٠- هەندێک لەپیاوان کاتێک لەدەرەنجامی درووست بوونی ناتەباییەک گوێیان لەتەنها ووشەیەکی زبردەبێت لەهاوسەرەکانیانەوە !! سەری دنیا لەخۆیان دەهێننەوە یەک و دەڵێن چۆن دەبێت ژن وەڵامی مێرد بداتەوە !! لەکاتێکدا کەخۆی لەوانەیە دەیان جار لەو ووشانەو خراپتریشی بەو ووتبێت و وەڵامیشی نەدابێتەوەو ئاو کرابێت بەئاگرداو بەلایشیەوە ئاسایی بوبێت !! لەکاتێکدا هەردووکیان مرۆڤن و هەردوکیان ووشەی زبریان پێ زبرەو ووشەی شیرینیشیان پێ خۆشە !! لەکاتێکدا عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) ڕۆژێکیان لەسەر شتێک کەڕویدابوو لەگەڵ خێزانی ! هاوسەرەکەی پارێزگاری لەخۆی کردبوو بەووشەی جوانیش وەڵامی دابوویەوە ! بەلایەوە سەیر بوو چونکە پێشتر ئافرەتانی قورەیش وەڵامی مێردەکانیان نەنەدایەوە ، بەڵکو چاویان کردبوو لە هاوسەری پشتیوانان خوایان لێ ڕازی بێت !! بۆیە کاتێک پرسیاری لەخێزانی کردبوو ئەوە چۆن بوو واوەڵامت دامەوە ؟!! لەوەڵامدا دەڵێ خێزانەکانی پێغەمبەریش** (صلى الله عليه وسلم ) **هەروادەکەن !! دەڵێ کەواتە ئەوان کەوتونەتە بەر تووڕەبوونی خوای گەورە ، بۆیە خێرا دەڕوات بۆلای حەفسەی کچی ، کەهاوسەری پێغەمبەری خوا دەبێت** (صلى الله عليه وسلم ) **کاتێک پرسیاری لێ دەکات ئایا ئێوەش وادەکەن ئەڵێ بەڵێ !! هەندێکمان بەدرێژایی ڕۆژێک قسە ناکەن لەگەڵ پێغەمبەری خوا** (صلى الله عليه وسلم ) **!!!**

**٩١- کاتێک زانیت کێشەت هەیە لەگەڵ هاوسەرەکەت و چارەسەر نابێت بۆت ! هەوڵ بدە دووریەک بسازێنە بۆ خۆت ، کەبۆنی کێشەی لێ نەیەت ! وەک**

سەردانیەکی چەندڕۆژی بۆ لای هەندێک خزم و کەس و کار یان بۆ دۆزینەوەی کەسابەتێک یان بۆ سەردانی نەخۆشێک یان هەر بیانوویەکی گونجاو ، دووری ئەو چەندڕۆژە چارەسەرێکی باش دەبێت بۆ بەخۆدا چوونەوەی هەردوولا و هۆکارێکی لەبارە بۆ گەڕانەوەی سەرەتایەکی خۆشەویستی بۆ نێو ماڵەکەتان.

٩٢- زۆر مانەوەی مێرد لەماڵەوە بەبێ پاساو !! یان لەبەر بێکاری !! یان هەرهۆکارێکی تر، لەشکۆی پیاو کەم دەکاتەوەو خۆشەویستی کەم دەکاتەوە لای هاوسەر ! بۆیە بۆ گێڕانەوەی ئەو خۆشەویستیە پێویستە هەوڵی کارێک بدات و دەست بەکار بێت و ڕۆژانە مانەوەی لەماڵ کەمتر بکاتەوە یان هەر نەبێت سەرقاڵیەکی گونجاو بۆخۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە

٩٣- کاتێک هەواڵێک یان بۆچونێک یان هەر ناتەباییەکت بیست لەسەرهاوسەرەکەت ، پەلە مەکە لەبڕیاردان و یەکسەر بڕوا مەکە بەوەی بیستووتە !! چونکە هەموو کەسێک دۆست و دوژمی هەیەو بەدواداچونی گونجاو بکە بۆ ئەو کارەی دڵی زویر کردویت . سەرەتا پرسیار بکە لەهاوسەرەکەت کەچی ڕویداوەو بۆچی ڕویداوە؟! چونکە زۆر جار ئەوەی بۆت دەگێڕنەوە جودایە لەوەی کەلەکەسەکەوە خۆی دەیبیستیت!!

٩٤- ئەگەر زانیت هاوسەرەکەت لێ زویربووەو قسەت لەگەڵ ناکات و بۆت ئاشت نابێتەوە ! بەئاسانی وەری بگرەو کارەکە زیاتر قورس مەکە ! بچۆ بۆ بازاڕ خەڵاتێکی بۆ بکڕەو لەسەر جێگەکەی خۆی بۆی دابنێ و لەسەری بنووسە بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەم !! بەبێ دەنگی بمێنەوەو پێی مەڵێ خەڵاتم کڕیوە

*****************************

بۆت ! بزانە وورده وورده چۆن ئەو ناتەباییە دەڕەوێتەوە و خۆشەویستیەکە دێتەوە دۆخی جارانی خۆی!!

٩٥- بەچاوی چاودێر سەیری هاوسەرەکەت مەکە و تەنها بۆ بژاردنی هەڵەکانی ئەو ، کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە ! چونکە گەر بەدوای هەڵەدا بگەڕێی ، تەنها یەک کەسیشت دەست ناکەوێت بێ هەڵەبێ و دەست بەتاڵ دەمێنیتەوە ! ژینیشت پڕ دەبێت لە تەنیایی و خەمۆکی وبێ متمانەیی بەرامبەر هەموان !! کە ئەوەش قەبر هەڵکەندنە بۆ خۆت بەدەستی خۆت!

٩٦- مرۆڤەکان بەهۆی کارو کەسابەتەوە ، بەدڵنیاییەوە دڵ تەنگ دەکرێن لەلایەن هاوڕێکانیان یان خاوەن کارەکان یان کڕیارەکان ، هەروەها بۆ خۆشیان کاریگەری ماندووبونیان لەسەر دەبێت ، بۆیە کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵ دەبێت کەژێکی لەبارو خەم ڕەوێن برەخسێت لای هاوسەرەکەیەوە هەتا دڵتەنگی ئەمڕۆی لەبیربچێتەوەو ماندوویی ببحەسێتەوە دواتر ئەگەر داوایەکت هەبوو لێی زەمینەیەکی ڕەخساوە بۆی بەڵام ئەگەر دوای هیلاکی و ماندوویی و دڵتەنگی هاوسەرەکەی داوایەکی گەورە یان هەواڵێکی ناخۆشی پێ بدات بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ هەردوولایان .

یاخود هەندێک لەپیاوان کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوە ، شەڕی ماندووبون و زویربوونەکانیان لەگەڵ خەڵکی ، بە هاوسەرو منداڵە بێتاوانەکانیان دەفرۆشن ولەسەر ساکار ترین شت تووڕەدەبن لێیان و دڵیان دەرەنجێنن !! کەئەمە

*******************************

ستەمیکی گەورەیەو نەک هەر ئارامی پێ نابەخشێ ! بەڵکو ڕەوشەکە لەخراپەوە بۆ خراپتر دەبات و ئاوەدانی ماڵەکەشتان تێک دەدات!!

٩٧- هەندێک جار دەکرێت یەکێک لەهاوسەرەکان دەست بەتاڵتر بێت لەوی تروو ، ئارەزوومەندی قسەکردنی زیاتریش بێت !! هاوسەرەکەشی کەم دوو بێت و بەقسەی زۆر بێزاربێت ! ئەوەیش هۆکارێکی ترە بۆ درووست بوونی ناتەبایی لەنێوانیاندا ! بۆیە زۆر پێویستە هاوسەرەکان پاش ئەوەی یەکتریان ناسی و ئاشنا بوون بەخاڵە بەهێزووڵاوازەکانی یەکتر! کارێک یان داوایەک نەکەن لەیەکتر کە پێچەوانەی خواستی بەرامبەرەکەی بێت !یان لەگەڵ سرووشتی ئەو نەگونجێت !!

٩٨ خوای گەورە مارەیی دیاری کردووە وەکو مافێکی دروست بۆ هەموو ئافرەتێک کە شوودەکات و بەرپرسیار نیە لە سەرف کردنی بۆ ماڵ و مێرد مەگەر لەکاتی زۆرناچاری و پێویست ! یان بەڕەزامەندی خودی خۆی ! بۆیە هەندێک لەمێردەکان کاتێک ئاڵتوونەکانیان پێدەفرۆشن و دواییش بۆیان ناکڕنەوە ! ئەوە لەگەل ئەوەی بێویژدانی کردووە بەرامبەر هاوسەرەکەی ! دروست بوونی هەستێکیشە لای خێزانەکەی کە مێردەکەی ستەمی لێدەکات و هۆکارێکیشە بۆ کەم کردنەوەی دڵسۆزی لەماڵەکەداو و کەژێکی نا ئارام درووست دەبێت لەونێوەندەدا!!

*******************************

٩٩- زۆرێک لەپیاوان ووشەی تەڵاق بەهەمیشەیی ویردی سەرزاریانەو !! بە ڕاست و ناڕاست بەردەوام بەکاری دەهێنن !! بەم کارەیان هاوسەرەکانیان هەمیشە لەدڵەڕاوکێ و بێ هیواییدا دەهێڵنەوەو دواتریش دەست دەکەن بەپشتێنی ئەم و ئەوداو بەقوربان و بەساقەیان دەبن بۆئەوەی تەڵاقەکەیان بۆچاک بکەنەوەو!! دواتریش ماوەیەکی زۆرنابات پاش چاک بوونەوە دەست پێدەکەنەوە وەکو جاران ! هەروەکو نەبایان دیبێت و نەبۆران !! بۆیە ئەوانە هاوسەرەکانیان ڕەنج بەخەسار دەکەن و ئارامی ماڵ تێک دەدەن و پێویستە دەست هەڵ بگرن لەوکارە دزێوەو ئەو ووشەیە بەتەواوەتی بسڕنەوە لەسەر زاریان و بەکاری نەهێنن ! بۆئەوەی ئاسوودەیی بگێڕنەوە نێو ماڵەکەیان !

١٠٠ تێڕوانینی خەیاڵی بۆ هاوسەرەکەت دەبێتە دڵ هەڵکەندنت لەخۆشەویستی ئەو!! چونکە هیچ هاوسەرێک نیە کەهەموو ئاواتەکانی تۆی تێدا بەدی بکرێت !! چونکە مرۆڤەکان بێ کەم وکوڕی نابن و ئەگەر لەهەندێک لاوە پۆزەتیڤ بن لەهەندێک لای ترەوە نەگەتیڤ دەبن !! بۆیە نابێت بەدوای چواندا بچیت وپێویستە ڕازی بیت بەو قەدەرەی کەهەڵت بژاردووەو خۆ بگونجێنیت لەگەڵی ! بۆئەوەی پێکەوە ژیانتان بەردەوام بێت و پشێوی تێ نەکەوێت !!